# لینین: بەبۆنەی یادی چوارەمین ساڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## (کورتکراوە)

ئایا گرنگترین فینۆمینەکان، پاشماوە وجێماوەی ڕەنجبەری لە رووسیا لەساڵی1917،چی بوون؟ موڵکایەتی، پلەوپایە، موڵکایەتی زەمین، بارودۆخی ژنان، ئاین، چەوساندنەوەی نەتەوەکان. ئەگەر هەر یەك پاشماوەی>گەورەکانی ئۆجیاس<[1]کە تا ڕادەیەکی لەبەرچاودا، ببینین_ئەمە هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێم-، لە لایەن هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە بەباشی پاکژ نەکران کاتێ شۆڕشە بۆرژوازی دیموکراتەکانیان پێش125ساڵ و250ساڵ و زیاتریش_1649لە ئەنگلستان_ بەرپاکرد. ئەگەر تەماشای هەر یەك لەم گەورە ئۆجیاسانە بکەین، دەبینن ئێمە پێکڕا هەموویانمان پاکژکرد. لەماوەی نزیك بە دە هەفتە، نەك زیاتر، لە 25ی ئۆکتۆبەرەوە_7ی نۆڤەمبەر1917تا پێنجی یەنایری1918، لەم بوارانەدا هەزار کەڕەت زیاتر کردەوەمان ئەنجامدا لەوەی دیموکراتە بۆرژواکان ولیبراڵەکان و دیموکراتە خوردەبۆرژواکان لەماوەی هەشت مانگی دەسەلاتدارییەتییان ئەنجامدا.

ئەو ترسنۆك و فرەبێژانە، ئەو نرجسییانە کە ئاشقی خۆیانن؛ ئەو هاملت ئاسایانە لە پێوەرەرێکی بچوك، شمشێرێکی مەقەبایان بەدەستەوە بوو_ئەوانە تەنانەت پاشایەتیشیان لەناو نەبرد! ئێمە پاشایەتی زبڵ بەشێوەیەك بەتاڵ کرد، لە هیچ ڕابردوویەکدا هیچ کەس پێ نەکراوە بەرد لەسەر بەردو خشت لەسەر خشتی ئەو خانووە بەرزە کە سەدان سەدە درێژەی هەبوو، نەهێشتەوە. ئەپارتمانی زنجیرەی پلەوپایە_پێشکەوتووترین وەلات وەك ئەنگلستان، فەرەنسا و ئەلمانیا تا هەنوکەش لە پاشماوەی ئەو زنجیرەیە رزگاریان نەبووە_. قووڵترین ڕەگی ئەو زنجیرەیە، واتە پاشماوەی دەرەبەگایەتی و ڕەنجبەری لە موڵکایەتی زەمین، گشتیمان لە ڕەگەوە دەرهێنا. >>دەتوانین جەدەل بکەین<<(لە دەرەوەدا بە گوێرەی پێویست هونەرمەند، جەماعەتی کادێت، مەنشەفییەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان هەن بۆ چوونە ناو ئەم جەدەلە) لەبارەی زانینی ئەوەی چ((لە دواجاردا)بەسەر ئەم ریفۆمی کشتوکاڵییە دێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ئەنجامی دەدا. ئێمە ئەمڕۆ حەزمان نیە کات لەسەر ئەم جەدەلە بدۆڕێنین، چونکە ئێمە بە خەبات ئەم جەدەلە و جەدەلەکانی تری چارەسەر دەکەین. بەلام ناکرێ جەدەل لە دژی ئەو ڕاستییە بکەین کە دیموکراتە خوردەبۆرژواکان بەدرێژایی هەشت مانگدا لەگەل موڵکدارەکانی زەمین کە ڕەنجبەری دەپارێزێن،>>رێککەوتن<<، بەلام ئێمە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا هەموو ئەو خاوەن زەمینانە وهەموو نەریتەکانیان وەك یەك لەسەر ڕووی زەمینی رووسیا، گسکدا.

بڕوانن، ئاین، یا نەبوونی مافی ژنان و چەوسانەوەی نەتەوە غەیرە رووسەکان و نایەکسانبوونیان لە مافەکان چییان لیکرا. هەموو ئەوانە کێشەگەلێکن پەیوەستیان بە شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتییەوە هەیە. پیساییەکانی ناو ریزەکانی خوردەبۆرژوا دیموکراتەکان بەدرێژایی هەشت مانگدا لەو بوارانەدا فرەبێژەیان دەکرد؛ و تاقە دەوڵەتێك لەنێو پێشکەوتووترین دەوڵەتەکانی جیهان، ئەو کێشانە تا کۆتاییەکەی بە ڕوحێکی دیموکراتی بۆرژوازی چارەسەر نەکرد، بەلام لەلای ئێمە، یاساکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر تا کۆتاییەکەی چارەسەریانی کرد. ئێمە دژایەتی ئاینمان کرد و بەڕاستی دژایەتی دەکەین و هەموو نەتەوە غەیرە رووسەکان کۆمار و ناوچەی سەربەخۆ ئۆتۆنۆمی تایبەت بەهەویانمامدا، چیتر رووسیا ئەم چەشنە نزمی و تاوانانە نازانێ، ئەو نزمییە،

---

[1]/ پیشترین گەوەر

مەبەستمان نەبوونی ماف یا یەکسانی ژنانە، ئەم پاشماوە قیزەوەنانەی چەرخە ناوەڕاستەکان لەهەموو وەڵاتانی دنیا لەلایەن هەموو بۆرژوای چاوچنۆك و خوردە بۆرژوای گەمژە و ترسنۆکەوە تازەدەکرێنەوە.

ئەمانە هەموویان ناوەڕۆکی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتییە. پێشی سەدوپەنجا و دووسەد و پەنجا ساڵ، ڕابەرە پێشکەوتووخوازەکانی ئەم شۆڕشە، گفتیان بە گەلان دا، مرۆڤایەتی لە ئیمتیازاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؛ نایەکسانیبوونی ژنان، پێشکەشکردنی خزمەتکردن لەلایەن دەوڵەتەوە بەم یا ئەو ئاین(یا بۆ-بیری ئاینی-)، ((بەگشتی لایەنگرتنی ئاینی)) و نایەکسانبوونی نەتەوەکان لەناوببەن. ئەو پەیمانەیانە دا، بەڵام جێبەجێیان نەکرد و لە تواناشیان نەبوو پەیمانەکەیان، چونکە ((ڕێزلێنان))---((موڵکایەتی تایبەت خاوەن پیرۆزی ڕەها))کەوتە نێوانیانەوە. شۆڕشە پڕۆلیتارییەکەمان نە ئەو((ڕێزلێگرتنە))بۆ پاشماوەکانی سەدە ناوەڕاست هەبوو نە بوو ئەم((موڵکایەتی تایبەتیە فرە پیرۆز))ە.

لە 14ی ئۆکتۆبەر1921، جلدی44، لا145-147